# پازده

هۆنراوەی ئازاد کەریمی



ئامۆژگاری:

هەوڵ مەدەن بۆ ماناکردنی ئەم هەڵبەستە، لەبەر ئەوەی بە زمانی ڕەمز نووسراوە...

ئێمە پازدە کەسین

ڕاسپاردراوین

ڕاسپاردەکە نهێنی یە!

ئێمە پازدە بزمارین

کۆڵەکەی ڕەشماڵی کۆچەرمان ڕاگرتوە

بە گوریسەوە

بە تەختی خاکەوە

بڕیارە خێڵەکە نیشتەجێ بێ !

ئێمە پازدە ئەستێرەین

کەسمان نە گەلاوێژە

نە سیوەیل!

دیار و بێ ناوین

ناومان نهێنییە

بە کۆڵانەکانی شاری شەودا ئەڕۆین

ڕۆژیش ئەمانبینێ

نەشمیل و نەخشین و نیان و نەسرین، زەماوەندیانە

بە هەژدە شەقاو

زاوا دێتە پێشواز

بووک بە کراسەکەیدا

زێڕ و یاقووت و زومڕوتی دووریوە.

بە شەش هەناسە ئەگەینە ئاگری نەورۆز...
میر، مشخەڵی هەڵگرتوە
جیرانی ماڵی زاوا
جیرانی ماڵی بووکن
هەر لە ئێستاوە چاوەڕوانی
گوێزەبانی حەوتەمین کوڕن.

ئێمە پازدە کەسین
برازاواین
قۆڵی بووک ئەگرین
با زاوا دڵخۆش بکەین بە برایەتی
کەس" دوو دەسماڵە" ناکات
هەموو بووکن
هەموو زاوان...
مانگ لە خوێندا هەڵکێشراوە!

ئێمە پازدە کەسین
ئاگامان لە پرشکەی خوێنە با کەسمان نەگرێتەوە
مۆتەکە لە سووچی تاریک هاتە دەرەوە
وەک بەدکارەی فلانخانە خۆی بادا
لێی ئەتکا
کەس نەورووژا...
کەوتە سەما

کەس نەپێکرا!

کەوت بە سەر دەست و پێماندا

شەپەتێرەمان پێ کرد

خۆی فرۆشت

تەنانەت نەیاریش نەیکڕی

وادەی نەمابوو، دەوری بڕابوو!

کۆتایی بەشی یەکەم/ ١٢ی سێپتەمبەر ٢٠١٣

ئێمە پازدە کەسین

بووین بە پازدە دەس

لە سەر سفرەی ئدریسی بەرگدروو

فراوینمان خوارد

خەڵاتی کردین

بە جبەی ئەژدیهاکی شاهەنشا،

ڕایسپاردین,

ئەمەیان نهێنی نیە:

یەکمان پاسەوانی ئاگرگە بێ

دووانمان خوار و ژووری دەریا بگرین

چوارمان" ڕۆنی مادی" بپارێزین

چوارمان بە دەنگ بدوێین

یەکمان دادوەر بێ و جێگری دیاکۆ

یەکمان پارێزەر بێ لە جیاتی هەموو

یەک لەنگەرگیر بێ

یەک کۆڵ نەدا بە ڕۆژە ڕەشەکان

مانگ و مانگا و هزر و مێیینە

لە ئەهریمەن بپارێزێت...

ئدریس بەڕێی کردین

لە خودا پاڕاوە

وا ورەی "زوڕوبابل" باڵکێشی سەرمان بکات...

شیوی شەومان لە ڕواندز خوارد

"سیائومەی شەهید"

لە مۆمیاخانە بوو

"تامۆرسی هۆشەنگ" پرسەی باپیرەی هەڵنەگرتبوو...

پازدە قۆڵی پازدە جار

چەمەرچۆپیمان کرد

هۆشەنگی پیر شینگێڕ بوو

ئەینرکاند:باوک کوژران زۆرجەرگبڕە!

"

میرزا تەقی" کوڕی چاپەزی فەراهانی

سێ ساڵ لە "ئەرزڕوم"

تیری خست و کەوانی شاردەوە...

ئێمە پازدە کەسین

هەر وەک پێشتر بووین

تیرمان هێنا

کەوانمان ئاشکرا کرد

ژێمان لێنا

کونتیرمان دووریەوە بۆ تیری چارەنووس

"

کەواندار" لە شاخەبەرزەیە

پازدە جار دیلانمان کرد

پازدە جار سەرچۆپی گۆڕا

"هانەی پاکیزە "خۆی ڕنی

"ئا-ڕە ش"ی کەواندار،ئازای زێوبەر

لەش و داوێن پاک

تیرهاوێژی بێوێنەی مێژوو

سنووری دیاری کرد

ناخی بێگەردی،

هاوسەفەری تیرەکەی بوو:

لە پێشخابوور، کێلە شین، لە سێسنوور

لە ئاراس، لە حە مرین، لە تەتەهوو

ڕابوورا

نیشتمان گەورەیە

پازدە ڕەخش و شەودێز و شەوڕەنگمان لەغاو کرد

پازدە پازدە پێوانەمان کرد...

هەولێر- کوردستان

١٣ی سێپتەمبەر ٢٠١٣